# ئەدەب و کولتوور
ڕووداو

## کتێبێک لە بارەی ڕۆمانەکانی ساشەر مازۆخ دەکرێتە کوردی




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

کتێبێکی ژیل دولوز، فیلۆسۆف و ڕەخنەگری ئەدەبیی فەرەنسی بەناوی (ناساندنی ساشەر مازۆخ ساردی و دڵڕەقی“ لەلایەن فازڵ مەحموود وەلی لە فەرەنسییەوە وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردی و بەمزووانە لەلایەن ماڵی وەفایی چاپ و بلاوده‌کرێتەوە.

فازڵ مەحموود وەلی بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی گوت، کتێبی ساردی و دڵڕەقی لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕی فیلۆسۆفی فەرەنسی ( ژیل دولوز)ە لەسەر ڕۆمانەکانی لیۆپۆلد فۆن ساشەر ـ مازۆخ کە لە ساڵی 1967 نووسیویەتی.

زیاتر لەبارەی کتێبەکەوە گوتی، ئەم کتێبە تاوەکو ئەمڕۆش وەک سەرچاوەی زۆر بڕواپێکراو و ئەکادیمی لەبارەی مازۆخ و مازۆخیسم و تەنانەت ساد و سادیسم دەناسرێت. ناوی مازۆخ لە دنیای ئەمڕۆدا زیاتر گرێدراوی چەمکی ”مازۆخیسم“ە کە بە مانای جۆرە لادانێکی سێکسی دێت و ئاماژەیە بۆ چێژوەرگرتن لە ئازار.

فازڵ مەحموود وەلی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە دولوز ئەوجۆرە ناولێنانە پزیشکییە بە ناهەقییەک سەبارەت بە مازۆخ و بەرهەمەکانی دەزانێت و پێیوایە بەها ئەدەبییەکان و ئەو ناوەڕۆکە قووڵەی کە ڕۆمانەکانی مازۆخ هەڵگریەتی وەک ئەوین و نارسیسم و ئازار لە گۆشەنیگایەکی کلینیکییەوە هیچ نییە جگە لە بەلاڕێدابردنی پەیامی ئەم ڕۆماننووس و نووسەرە مەزنە، دولوز لەم کتێبەدا خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مازۆخیسم و سادیسم دەکات و هەوڵدەدات بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە لە چنگی دەروونشیکاری فرۆید ڕزگار بکات.

## هیوا قادر ڕۆمانێکی نوێ بڵاودەکاتەوە




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

هیوا قادر ڕۆمانێکی نوێی بەناوی (ماڵی پشیلەکان) بلاودەکاتەوە کە ڕووداوەکانی لە وڵاتێکی ئەورووپا ڕوودەدەن.

ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە بلاویکردەوە کە یەکێک لە کتێبە تازە چاپکراوەکانیان ڕۆمانێکی نوێی نووسەر و وەرگێڕ هیوا قادرە بەناوی(ماڵی پشیلەکان) و دەشڵێ، ماڵی پشیلەکان ڕۆمانێکی کوردییە بە فەزایەکی ئەورووپییەوە، ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لە وڵاتێکی ئەورووپایی ڕوودەدەن و هەموو کارەکتەر و پاڵەوانەکانی ڕۆمانەکە جگە لە پاڵەوانە سەرەکییەکە ئەورووپین.

لەبارەی نێوەڕۆکی ڕۆمانەکەش، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە ئاماژە بەوە دەکات، ژیانی ئەورووپا لە ڕوانگەی کوردێکی پەنابەرەوە بە نەهامەتی و زەحمەتییەکانی پەنابەرانەوە، پەنابەرێکی کورد لەسەر بەرگریکردن لە مافی خۆی، لەو شوێنەی هەست دەکات کەرامەتی بریندار دەکرێت، پەلاماری تورکێک دەدات.

هیوا قادر شاعیر، ڕۆماننووس و وەرگێڕی کورد، لە سلێمانی لەدایک بووە. ئێستا ئەندامی ئەنجوومەنی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمە و ساڵی 1992 یەکەم کتێبی شیعری بلاوکردووەتەوە و خاوەن دوو ڕۆمانی دیکەشە بەناوەکانی "منداڵێک لەسەر مانگە" و "منداڵانی گەڕەک".

### ناوی 803 کەسایەتی تێدایە

## پەرتووکی ناودارانی کورد بە کرمانجی چاپدەکرێ




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

پەرتووکی ”Navadern Kurdan“ ناودارانی کورد کە لەلایەن نووسەری کوردی باکووری کوردستان کەرەم سەرحەدی ئامادە کراوە، چاپ و بلاوکرایەوە.

نووسەر لە پەرتووکەکەیدا باسی لە 803 کەسایەتی شۆڕشگێر، ڕۆشنبیر، ڕۆژنامەنووس، مێژوونووس و ئاینیی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان کردووە.

کەرەم سەرحەدی بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند لە پەرتووکەکەیدا هەوڵیداوە بەپێی توانای خۆی زانیاریی لەبارەی ئەو کەسایەتیانە بگەیەنێتە خوێنەر.

نووسەر بۆ ماوەی پێنج ساڵ خەریکی نووسینی پەرتووکەکەی بووە، بۆ دەستکەوتنی زانیاری لەبارەی ئەو کەسایەتیانە، سەتان سەرچاوەی بە کوردی، تورکی، عەرەبی، فارسی خوێندووەتەوە، هەروەها سوودی لە ئەرشیفی عوسمانییەکان وەرگرتووە.

کەرەم سەرحەدی لە پەرتووکەکەی ئاماژەی بە ناوی 803 کەسایەتی کورد کردووە کە 750یان پیاون و 53شیان ئافرەتن. سەرحەدی دەڵێت :“لە پەرتووکەکە ناوی چەندین کەسایەتیم ساخ کردووەتەوە کە پێشتر بە عەرەب، یان تورک، یان فارس ناسراون، بەڵام بە بەڵگە سەلماندوومە کە ئەوانە کوردن“.

پەرتووکی ناودارانی کورد کە لە 296 لاپەڕە پێکدێ لەلایەن وەشانخانەی (J&J) لە ئامەد چاپ و بلاوکراوەتەوە.

کەرەم سەرحەدی، ساڵی 1949 لە شاری وانی باکووری کوردستان لە دایکبووە. خاوەنی دوو پەرتووکە: گۆتنێن پێشینان و ناڤدارێن کوردان، ئێستا سەرقاڵی نووسینی پەرتووکێکە لەسەر شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران.

### ■ ئەنجوومەنی کولتووری بەریتانیا داوای لێبووردنی لێ دەکات

## وتارێکی جۆرج ئۆروێڵ دوای حەفتا ساڵ بڵاودەکرێتەوە

■ ئا: بژار حەکیم

دوای تێپەڕبوونی حەفتا ساڵ، ئەنجوومەنی کولتووری بەریتانیا بەهۆی ڕەتکردنەوەی بابەتێک داوای لێبووردن لە جۆرج ئۆروێڵ دەکات. ئەنجوومەنەکە دەڵێن بابەتەکەی ئۆروێڵ و داوای لێبووردنەکە پێکەوە چاپ دەکەین.

ئەنجوومەنی کولتووری بەریتانیا بەهۆی ڕەتکردنەوەی بابەتێک داوای لێبووردن لە جۆرج ئۆروێڵ ، نووسەری ناسراوی بەریتانی دەکات، ئەوەش دوای حەفتا ساڵ لە ڕووداوەکە.

ئەنجوومەنی کولتووری بەریتانیا ڕایگەیاند، حەفتا ساڵ پێش ئێستا جۆرج ئۆروێڵ نووسەری بەناوبانگ و خاوەنی ڕۆمانی مەزرای ئاژەڵان وتارێکی لەژێر ناونیشانی ( لە بەرگریی چێشتلێنەری بەریتانیدا) لە ساڵی 1946 نوسیووە و لەلایەن ئەنجوومەنەکمانەوە بلاوکردنەوەی ڕەتکراوەتەوە.

لە ڕاگەیێندراوەکەدا ئەنجوومەنی کولتووری بەریتانیا دەشڵێ، کاتی خۆی ئەم وتارەی جۆرج ئۆروێڵ ڕەتکراوەتەوە بەهۆی ئەوەی کاریگەریی وتارەکە لەسەر خوێنەرانی وڵاتانی دیکە بە خراپ دەشکایەوە.



بەپێی ڕاگەیێندراوی ئەنجوومەنی کولتووری بەریتانیا، جۆرج ئۆروێڵ لە وتارەکەیدا باسی خراپیی خواردنی ئینگلیزی کردووە.

ئەلیستەر دۆناڵدسۆن، لێکۆڵەری باڵای سیاسەتەکانی ئەنجوومەنی کولتووری بەریتانیا دەڵێ: ” لەو سەردەمەدا نەویستراوە لەبارەی برسێتی ساڵی 1945 نووسین لەبارەی خۆراک و کارەساتی دابەشکردنی خۆراک لە سەردەمی جەنگ بڵاوبکرێنەوە، بەڵام ئەنجوومەنی کولتووری بەریتانیا دڵخۆشە کە ئەو مافە خوراوەی گەورەترین نووسەری سیاسی سەدەی بیستەمی بەریتانیا قەرەبوو بکاتەوە بە چاپکردنی تەواوی وتارەکە لەگەڵ نامەی ڕەتکردنەوەکەی.

ئێریک ئارتوور بلێر ناسراو بە ( جۆرج ئۆروێڵ) لە 25ی حوزەیرانی 1903 لەدایک بووە و لە 1950 کۆچی دوایی کردووە. ڕۆژنامەڤان و ڕۆماننووسێکی دیاری جیهانی بووە و نووسەری هەردوو ڕۆمانی بەناوبانگ 1984 و مەزرای ئاژەڵانە کە بەدوو ڕۆمانی گرنگی دنیا دادەنرێن. بەپێی ڕاپرسییەکی ( بی بی سی) ڕۆمانی 1984 لەناو لیستی سەت کتێبی گەورەی سەدەی بیستەمدایە.

## نامە ئەکادیمییەکان

# پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی

هەرێم عوسمان
مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی



(پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی) ناونیشانی نامەیەکی دکتۆرایە، ساڵی 2007 لەلایەن (مەولود ئیبراهیم حەسەن)و بەسەرپەرشتی (پ.د. مارف خەزنەدار) پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین کراوە. نامەکە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریی شیکارییە و ئەفسانە لەگەڵ (مێژوو، ئاین، فەلسەفە و زانست) بەراورد دەکات. توێژەر لەسەرەتاوە باسی گرنگیی لێکۆڵینەوە لە ئەفسانە و ئەفسانەی کوردی دەکات کە مرۆڤ سەرەتا ئەفسانەساز بووە، ئێستاش ئەفسانەناسە و دەیەوێ لەڕێگەیەوە لە خۆی و دنیا و بوارە جیاوازەکانی ژیان تێبگات. توێژەر پێیوایە ئەنجامی ئەفسانە و زانست لێکدەچن، بەڵام دەبێت نرخی ئەفسانە لە زانستەوە وەربگرین، چونکە زانست بینایی ئێمەی بەسەر ئەم جیهانەدا کردەوە. توێژەر پێیوایە کۆنترین و دەوڵەمەندترین ئەفسانەساز کوردستانە کە ئەمەش وادەکات بە گوڕتربین لە کارکردنێکی زانستیانە لەبارەیەوە. نامەکە لە چوار بەش پێکهاتووە.

بەشی یەکەم: پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی و سەرەداوی هەوڵ ئەفسانەی کوردی و نیشاندان و دەرخستنیان، بۆ ئەمەش پەنا بۆ تیۆری گەشەکردن و پێگەیشتنی (داروین) براوە، تاکو نموونەی ئەو گۆڕانە لە (مرۆڤ)ی ئەفسانەی کوردیدا نیشان بدرێت. توێژەر لەسەرەتاوە ئاماژە بە گرنگیی یەکەم بەرهەمی بیرکردنەوەی مرۆڤ دەدات کە ئەفسانەیە و دەڵێ ئەمڕۆ زانستەکان بە گشتی پەنا بۆ لێکۆڵینەوەی دەبەنو ئەفسانەش تێکەڵ بە خوێنی مرۆڤ بووە و لەناخی هەر مرۆڤێکدا دەیدۆزینەوە، بۆیە مێژووی ئەفسانە وەک مێژووی مرۆڤ کۆنە. دواتر بە پرسی (ئەفسانە لەکوێوە دێ؟) باسی چیەتی ئەفسانە و بنەماکانی دەکات کە مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی وەڵامی نهێنییەکانی ژیان و بوون و گەردوون ئەفسانەی داهێناوە، بەڵام ئێستا ئەفسانە خۆیشی بووەتە نهێنی و نزیککردنەوەی هەموو مرۆڤایەتی لە کات و شوێنێکدا. هەندێک زانا دەڵێن ئەفسانە لە ئەقڵی نائاگایی مرۆڤەوە دێت، هەندێکیشیان دەیبەستنەوە بە هەموو توانا جۆربەجۆرەکانی مرۆڤەوە کە ئەفسانە تێکەڵی واقیع و بوونی مرۆڤ بووە، لەبەرئەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە سروشت، مێژوو، ئاین، فەلسەفە سوود لە ئەفسانە وەردەگیرێت، هەموو زانستەکان هەوڵدەدەن لە ئەفسانەوە لە بوارەکەی خۆیان بکۆڵنەوە، ئەفسانەی کوردیش سەرەتایە بۆ لێکۆڵینەوە لە زمان و ئەدەب و هونەرە جیاوازەکان، بەڵام ئەفسانەی کوردی جگە لەوەی مۆرکی کوردەواری هەیە، هاوکات هاوبەشی لەگەڵ ئەفسانەکانی جیهانیش هەیە، لێرەوە توێژەر سێ قۆناغی ئەفسانەی کوردی باس دەکات:

قۆناغی ئەشکەوت، باسی ئەشکەوتی شانەدەر وەک یەکەم ماڵی مرۆڤایەتی دەکات کە مرۆڤی نیاندەرتاڵ لە ماوەی سەت هەزار ساڵ لەمەوبەر ژیاوە و پشتی بە راو بەستووە.

قۆناغی گوند، ئەمەش بریتیە لە ئاژەڵداری و جووتیاری کە رۆشنبیری و هونەر لە ئەشکەوتەوە بۆ گوند دەگوازێتەوە و پەیکەر دروستدەکات. کۆنترین گوندیش لە کوردستانە (زەڤیا چەمێ) لە پارێزگای دهۆک کە ئێسک و پەیکەری تێدا دۆزراوەتەوە، ئەم پەیکەرانەش نیشانەی باوەڕی ئاین و ئەفسانەیین، هاوکات مانگ و ئەستێرە و ئاو و درەخت پەرستراوە [دواتر توێژەر رۆڵی ئەفسانە لە دیاردە سروشتییەکاندا باس دەکات]. قۆناغی شار: هەولێر وەک یەکێک لە کۆنترین شارەکانی جیهان و زیدی سۆمەرییەکان دیاری دەکات کە خوای ئاسمانیان پەرستووە. دیارە ئەم قۆناغانە تەنیا گۆڕانی شوێن نەبوون بەڵکو گۆڕانی ئاوەز و باوەڕیش بوون، کە توێژەر دواتر باسی گۆڕانی مرۆڤ بەپێی قۆناغەکان و بەپێی تیۆری داروین دەکات، لە مرۆڤی (کێوی) بۆ مرۆڤی (مەیموون) و لێرەشەوە بۆ مرۆڤی (ئاقڵ). توێژەر بە پشتبەستن بە ئەفسانەی سۆمەرییەکان باسی دروستبوونی مرۆڤ [لەخوێنی خواوەند و قوڕ] و دنیا جیاوازەکان (بن دنیا، سەر دنیا..)، زەمەنێکی ئەفسانەیی بۆ سەرهەڵدانیان دەکات. لە کۆتایی ئەم بەشەشدا باسی سەرچاوەی ئەو هێزە جیاوازانەی ئەفسانە دەکات، هێزەکانیش بە (پەرجوو، جادوو، سیحر، ئەندێشە، هێزی وشە، واقیع، هزر و فەلسەفە، ئامێرە و پاڵەوانە ئەفسانەییەکان...) کە بە لێکدان و تێکەڵکردنیان تێکستی ئەفسانەیی دەسازێت، واتە: "ترس، نەزانی، پێویستی" سیانەی دروستکردنی ئەفسانەن کە توێژەر ئاوڕ لەم بابەتانە دەداتەوە و نموونەی پراکتیکییان بۆ دەهێنێتەوە.

بەشی دووەم: ئەفسانە و مێژوو، توێژەر باسی مێژوو دەکات کە بریتیە لە رابردووی رابردووەکان تا دەگاتە ئەوەی پێی دەگوترێ (پێش مێژوو)، کە ئەمەش مێژوونووسان زانیارییان لەبارەیەوە نییە، بەڵام گەر ئەفسانە دیدێک بێت بۆ ژیان، ئەوا لە سەرەتای (هەبوو..نەبوو)ەوە مێژوویەک تێبینی دەکەین، کە باسی رابردوو دەکات، بۆیە ئەفسانە دیدێکی پێش مێژووە، بەڵام پێش مرۆڤ نییە، لەبەرئەوە ئەفسانە مێژووە و ئەفسانەشە، ئەو دەمەی مێژوو دەوەستێ مێژووی ئەفسانە دەستپێدەکات. لەم بەشەدا توێژەر ئاوڕ لە رووداو و کەسایەتیە ناسراوەکانی مێژوویی کورد دەداتەوە کە چوونەتە نێو ئەفسانەکانەوە. سەرەتاش جەخت لەوە دەکاتەوە کە مێژوو لە سۆمەرییەکانەوە دەستپێدەکات کە کورد بوون، ئەفسانەش مێژووە، مێژووش دەبێت بە ئەفسانە، لەم پێتەوە ئاوڕ لە پەیوەندی کورد و جنۆکە، ئەژدیها، ئەفسانەی زەردەشت پێغەمبەر، شاخی ئەسکەندەر و دەیان ئەفسانە دەداتەوە کە پەیوەندییان بە کورد و کەسایەتیە ئاینی و مێژووییەکانەوە هەیە. لێرەشەوە توێژەر پێیوایە کورد هەرچەند لە رووی سیاسییەوە سەربەخۆ نییە، بەڵام لە رەهەندە نەتەوەیی و بەرهەمە کولتوورییەکەیەوە سەربەخۆیە، لەبەرئەوە گرنگە ئەو مێژووەی کورد هەیەتی کە بەشی زۆری لەناو مێژووی ئەفسانەدایە، ئاوڕی لێبدرێتەوە. لێرەشەوە قسەیەکی د. کەمال مەزهەر وەردەگرێت کە دەڵێ: "بۆ ئەوەی مێژووی کورد بنووسینەوە چ لەوە چاترە لە ئەفسانەی کوردییەوە دەستپێبکەین".

بەشی سێیەم: ئەفسانە و ئایین و فەلسەفە، توێژەر سەرەتا باسی مێژووی ئاینی کورد دەکات و دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەشکەوتی شانەدەر کە رەگەزی ئاینی لە کۆمەڵێک ئێسکدا کە گوڵیان لەسەر دانراوە، دەرکەوتووە، هەروەها لە چەرموو پەیکەری (خواوەندی دایک) کە لە قوڕ بووە و بۆ 30 هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە. دواتر باسی ئاینی میترایی دەکات کە بەر لە ئاینی زەردەشت بووە، پێشیوایە رۆژ و رووناکی و ئاگرپەرستی بۆ خواوەندی هەتاو (ئۆتۆ)ی سۆمەری دەگەڕێتەوە، کە دواتریش کاریگەری لەسەر ئاینی زەردەشتی و زۆر ئاینی تر دادەنێت، لێرەشەوە پێیوایە ئاین و ئەفسانە پێکەوە سەریانهەڵداوە و هۆیەکانی دروستبوونیان یەکە، دواتر کە ئاینی ئیسلام دێت ئەفسانەی کوردی خۆی دەگونجێنێت لەگەڵی و زۆرشتی لێ وەردەگرێ و زۆریشی دەداتێ، بۆ نموونە هەرچی بت و خواوەندی نێو ئەفسانەی پێش ئیسلامە کە ئیسلام دێت رەنگی ئیسلامەتی وەردەگرن، هەروەها لە رووی ناوەوە زۆربەی پاڵەوانە ئەفسانەییەکان ناوە ئیسلامیەکەیان وەرگرتووە: محەممەد، ئەبوبەکر، عوسمان، عەلی، هەمزە.. لێرەوە توێژەر پێیوایە ئێمە ئەفسانەی کوردی ئیسلامیمان هەیە.

سەبارەت بە فەلسەفە و ئەفسانەش، پێیوایە فەلسەفە هاوشانی ئاین و ئەفسانە سەریهەڵداوە؛ ئەفسانەش فەلسەفەیە. لێرەشەوە توێژەر باسی (فەلسەفەی کوردی) دەکات و زەردەشتیش وەک پێغەمبەر و یەکەم فەیلەسوف دادەنێت کە کاریگەری لەسەر تەواوی مێژووی فەلسەفە و فەیلەسوفان بووە، زەردەشتیش بە رەچەڵەک بۆ نەتەوەی کورد-ماد دەگەڕێتەوە. توێژەر جارێکی دیکە بۆ (هەبوو.. نەبوو) بە لێکدانەوەیەکی فەلسەفی بۆی دەگەڕێتەوە و چەند ئەفسانەیەکی کۆنی کوردی دەهێنێ و شیکاری فەلسەفییان دەکات، هاوکات چەندین پەندی کۆنی کوردی کە رەهەندی فەلسەفییان هەیە، بەسەردەکاتەوە. دواتریش لە ئەفسانەکاندا باسی نەمری و مردن دەکات.

بەشی چوارەم: ئەفسانە و زانست، توێژەر پێیوایە ئەفسانە و زانست داهێنراوی ئەقڵی مرۆڤن، لەبەرئەوە پێکەوە هەڵدەکەن و دابڕاوینین و خاوەن دایک و باوکێکن کە دەیانەوێت جیهان بناسن، بۆیە ناکرێت زانست پشت لە ئەفسانە بکات. لەم پێتەوە توێژەر باسی زانستی کوردی و مێژووەکەی دەکات و دەیبەستێتەوە بە شانەدەرەوە کە زانستی تایبەت بە رووەکناسیان هەبووە و گوڵیان وەک دەرمان بەکارهێناوە. دواتر ئاوڕ لەو پەند و گوتە کوردییانە دەداتەوە کە رەهەندی زانستییان هەیە، لەوانەش: "ئەوەندە زانایە کورتانی بۆ کێچ دروست دەکات"، "تەقە هەڵگیرا" کە ئەمەش وەک دەربڕینێکی فیزیایی لێکدەداتەوە. دواتر باسی پەیوەندی ئەفسانە و ترشە ناوکی بۆماوەی DNA دەکات، پێیوایە زانستی جینات DNA و زانستی تەکنەلۆجیای نانۆ خزمەتێکی گەورەی ئەفسانەیان کردووە و دیسانەوە ئەو رامان و ترسەیان لە مرۆڤدا دروست کردەوە، چونکە ئەم زانستانە خەریکن شێوەی ژیان و مانای ژیان دەگۆڕن، توێژەر پێیوایە لە ئەفسانەکاندا گۆڕانی مرۆڤەکان بۆ گیا و درەخت یان نیوەی مرۆڤ و نیوەی ئاژەڵ شتێکی سروشتیە، چونکە لە زانستدا ئەوە دۆزراوەتەوە کە چی مرۆڤ دەکات بە مرۆڤ و مرۆڤ لە شەمپانزی جیادەکاتەوە، بۆیە جیاوازیی مرۆڤ و ئاژەڵ زۆر کەمە، تەنانەت مرۆڤ و مشک لە 30 هەزار جیندا هاوبەشن و مرۆڤ وەک مشک خاوەنی کلکێکی کپ و خەولێکەوتووە کە ئەمەش دیسان نزیکیی ئەفسانە و زانست دەردەخاتەوە. هەروەها باسی ئەفسانەیەکی کوردی دەکات کە ژن بێ پیاو بەهۆی سێو یان دەرمانی تر منداڵی دەبێت و ئەمەش بە زانستی نوێ بەراورد دەکات کە ئێستا ئەمە دەکات، یان منداڵی هەڵبژاردە کە بە خواستی خۆت جۆر و شێوەی هەڵبژێریت. دواتریش باسی خوێنی بەرد لە ئەفسانە و بە بەربوونی خوێن لە زانستی بایۆتەکنەلۆژی دەکات، هەروەها باسی ئاوێنەی دنیابین، چەرخ و فەلەک و فرۆکەی پێش زایین و چەندین بابەتی تر کە لە ئەفسانەکانەوە بەرهەمی تەکنەلۆژی نوێ داهاتووە. لە کۆتایی نامەکەشدا توێژەر بۆ هەر بەشێک چەند ئەنجامێک دەنووسێت و دەڵێ کە ئەفسانە راستە بەرهەمێکی زارەکیە،



# خەیاڵی ئەدەبی و مرۆڤی بێ خەیاڵ

نیهاد جامی- پۆڵەندا





تێکستی ئەدەبی نووسینەوەی مێژوو نییە، وەک چۆن وێنەگرتنەوەیەکی دنیای واقیع نییە، بەڵکو بەرهەمهێنانەوەیەکی نوێیە، وا دەکات هەریەکە لە واقیع و مێژوو لەناو تێکستەوە بخوێنرێنەوە، نەوەک تێکست لەنیگای واقیعەوە سەیر بکەین، ئەو تێگەیشتنە ئەدەبییەی دەیەوێت تێکستی ئەدەبی ئاوێنەیەک بێت بۆ وێنەی واقیع و مێژوو، لەبنەڕەتدا بێبەهاکردنی تێکستی ئەدەبی و کوشتنی رۆحی داهێنانە، چونکە تێکستی ئەدەبی دەیەوێت ژیان لەناو ژانری تێکستەکەوە ببینرێت، نەوەک تێکست دادگایی بکرێت لەناو دۆکیۆمێنتی مێژووییدا.

ئەدەب نووسینەوەی مێژوو نییە، ئەدەب خوڵقاندنەوەی دنیابینییەکی نوێیە، ئەوانەی دەیانەوێت ئەدەب تێکستی مێژوویی بنووسێتەوە، باشتر وایە بگەڕێنەوە ناو کتێبە مێژووییەکان، ئەدەب خوڵقاندنەوەی چیرۆک و نووسینەوەی ساتەوەختێکی کەشف نەکراوە، ئەوە لادانە لە مێژوو، وەک چۆن لێدانیشە لە تۆماری رووداوەکان، چونکە ئەدەب مێژوو ناگێڕێتەوە، هێندەی مێژوو دەکاتە بیانوویەک بۆ چوونە ناو تێکست.

ئەو دیدگا ڕەخنەییەی تێکست دادگایی دەکات لە ڕوانگەی مێژووەوە، دیدێکی دەروونییە نەوەک میتۆدی، کێشەی لەگەڵ تێکست نییە، بەڵکو کێشەکە لە دەرەوەی بونیادی نووسینەوەیە، کێشەیە لەتەک شوناسی نووسەردا، کوردیبوون بووەتە گرفتی ئەو دیدگا ڕەخنەییە، دێت بەپێی لۆژیکی مێژوویی و دنیای واقیع سەیری تێکستی نووسەری کورد دەکات، بەڵام لە سەیرکردنی بۆ تێکستی جیهانی ئەو لۆژیکە فەرامۆش دەکات، لەسەر بەرواری ڕووداوێکی مێژوویی نێو ڕۆمانێک باس لەوە دەکات کەوا مێژوو شێوێنراوە، بەڵام هەرگیز بوێریی ئەوەی نییە بەهەمان لۆژیک قسە لە ڕۆمانێکی جیهانی بکات، ئەویان وەک بەرهەمی خەیاڵی نووسەر دەبینێ، بەڵام بۆ تێکستی کوردی وەک شێواندنی مێژوو سەیری دەکات.

بۆیە ئەو ڕوانینە ڕەخنەییە لە دەرەوەی خوێندنەوەی تێکستەوە هاتووەتە بوون، هێندەی بڕوا نەهێنانە بەتوانای نووسەری تێکست، نەک خودی تێکستەکە، ئەوەش چەندە پەیوەندی بە دۆخی دەروونیی ئەو بانگەشەکارە ڕەخنەییەوە هەیە، هێندەش وابەستەی کورتبینی دیدی ئەدەبییە، توانای جیاکاری نێوان تێکستی ئەدەبی و تێکستی مێژوویی نییە، ئەدەب ڕووبەرێکی زمانەوانی سەربەخۆیە، پەیوەندیە دەلالی و سیستمە زمانەوانیەکەی وێنای سەرلەنوێی پەیوەندییەکان دەکات، لێرەوە مرۆڤەکان بەرهەمی دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویی نین، هێندەی وابەستەی دنیای ناو تێکستن، ڕووداوێک نییە ڕوویدابێت، ئەوە دنیایەکە لەناو تێکست دێتە بوون، دنیایەک هەڵگری گوتارێکی جوانیناسیە، دەرخستنی قێزەونیی دنیایەکە، وەک کاردانەوەیەکی ئەخلاقی ناو تێکست، ئەوەش بۆ خۆی گومانکردنە لە مەعریفەی زانراوی مێژوو، گومان دەگۆڕێت بە پرسیار لەبارەی نووسین و جوانی.

لەو کاتەدا نووسین بەتەنیا پێویستی بەعەقڵێکی بیرکەرەوە هەیە، عەقڵێک پەیوەست بێت بەدیدی جوانیناسیانە، بۆیە ئەو جۆرە نووسینانە، ڕەنگە نەگەڕێن بەدوای سواڵکردنی خوێنەر، هێندەی ڕووبەرێک دەدۆزێتەوە کە خۆی خوێنەر هەڵبژێرێت، لێرەوە پەیوەندیی نووسەر و خوێنەر پەیوەندیی نێوان تاک نییە بە کۆمەڵگاوە، بەڵکو پەیوەندیی دوو مرۆڤ دەبێت کە هەردووکیان بەدوای جوانیدا دەگەڕێن، لێرەوە پرۆسەی خوێندنەوە وەک کردەی نووسین دێتە بوون، چونکە خوێندنەوە دەبێتەوە بە لەدایکبوونەوە، بۆیە گەر ئەو نموونەیەی ئەفلاتون کە مرۆڤ لەفڕێدانی بۆ سەر زەوی لەیەکتر جیابووەوە، لەسەر زەویش بەدوای ئەویتری لەدەستدراودا دەگەڕێت، لێرەدا نووسین دابەش دەبێت بۆ سەر نووسەر و خوێنەر، ئەگەر پۆلێنێکی دەروونشیکاری بۆ بکەین، دەبێت بڵێین لەو کاتەدا نووسەر و خوێنەر مرۆڤێک بنیات دەنێن، بەوەی نووسەر دەبێت بە (عەقڵی مرۆڤەکە) و خوێنەریش بە (نەستی مرۆڤەکە)، بۆیە ئەو پرۆسەیە دەبێتە خوڵقاندنەوەی مانا لەناو تێکستدا.

پرسیارکردن لەبارەی جوانی، دارشتنەوەی ماناکانی بوونی مرۆییە، بەوەی دەبێت بەو پرسیارەدا بچینەوە: جوانی چییە؟ ڕاستر وایە پرسیارەکەمان فراوانتر بکەین: چی جوانییە؟ چۆن سەیری جوانی بکەین؟ لێرەوە وەستان لەسەر ئەو پرسیارە ڕەنگە توانای ئەوەی هەبێت، بۆشاییەکی تر بخوڵقێنێ، تاوەکو گومانەکانمان بۆ جوانی بنووسینەوە، گومان لەوەی هەیە ناوی بنێین جوانی لەڕاستیدا گومانە لە مەعریفەی جوانی، چونکە ئەوەی هەیە وەهمی جوانیە، جوانیە ڕاستەقینەکە لەناو ئەو زەمەنە موزەیەفە شاردراوەتەوە.

لێرەدا کاتێ دەمانەوێ بزانین جوانی چییە، دەبێ ئەوە بزانین کە ئەوەی هەمانبووە جوانی نەبووە، چونکە جوانی ئەو بابەتە نووستوەی ناو ناخی مرۆڤە کە هەموومان بەهۆی وەهمەکانەوە جوانیمان خنکاندووە، بۆیە بەدەگمەن کەسانێک هەن بتوانن ئەو جوانیەی ناو خۆیان نەخنکێنن، خەڵکانێک بە ماتریالەکانەوە خۆیان فریو دەدەن بە بیانووی ئەوەی جوانی ئەوەیە، بۆیە ئەو دەمانەی باس لە جوانیەکی شاراوە دەکەیت، ڕەنگە وەک شێت سەیرمان بکەن، بەبێ ئەوەی لەوە تێبگەن، ئەوەی ئەوان هیچ نییە جگە لە خۆفریودان و درۆکردن بەناوی جوانی.

کەواتە چی جوانییە؟ جوانی بریتیە لە کۆی ئەو چالاکیە ڕۆحیانەی مرۆڤ کە پەیوەستە بە خەونەوە، خەون زیندەگی سرووشتیانەی مرۆڤە، کەواتە سەیرکردنمان بۆ جوانی دەبێت بەڕوانینی شاعیرانە، زیندەگی شاعیرانە هەوڵدان نییە بۆ شاعیربوون، بەڵکو هەوڵدانە لەوەی چۆن شاعیرانە بژین وعاشقانە خەونی ژیانمان هەبێت.

خەونی ژیان وێناکردنەوەی بوونە لەناو تێکستدا، زیندەگی شاعیرانە تێپەڕینە بەناو زماندا، کێشەی ئەو جۆرە مرۆڤە ئەوەیە ناتوانن بەناو زماندا تێپەڕن، بۆیە تۆمەتی مێژوویی و زمانەوانی دەبەخشنەوە، ئەوان کە لە بونیادی کەرنەڤاڵی تێکست و فرە ئاستی زمان تێنەگەیشتن، خێرا لیستی تۆمەت بەخشینەوەیان هەیە، ئەوە کێشەیەک نییە لەگەڵ تێکست، کێشەی فراوانی زمانی نووسەرە کە تێکستێکی بەرهەم هێناوە سنووری عەقڵی ئەو جۆرە مرۆڤەی تێپەڕاندووە، بۆیە دێت دەکەوێتە سەنگەری دادگاییکردنی نووسەر لەناو تێکستدا، پرۆسەی دادگاییەکە هەوڵێکە بۆ کوشتنی خەیاڵ و گەڕانەوەی تێکست بۆ ناو بونیادی مێژوویی و واقعی، لەو ساتەشدا ئەوەی دەکوژرێت خەیاڵی ئەدەبیە، کە ناهێڵن زیندەگیی خۆی بژیێت.

لێرەدا ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبینەوە: مرۆڤی بێ خەیاڵ بۆچی دەیەوێت ئەزموونی بێ خەیاڵی خۆی بگوازێتەوە ناو زیندەگی تێکست؟ ئاخۆ ژیانی دەرەوەی خەیاڵ و نووسینەوە لەناو ڕووداوەکان وەک ئەوەی ڕوویداوە، نەک وەک ئەوەی تێکست پێیدا تێدەپەڕێت، چی بە مەعریفەی ئێمە دەبەخشێت و چێژی گێڕانەوە و خوڵقاندنەوەی نووسین لەکوێدایە؟ ئەوە پرسیارێک نییە لە هیچ خوێنەرێکی بەئاگا بکرێت، بەڵکو پرسیارێکە بۆ گێڕەرەوەکانی نێو مێژوو کە خوازیارن تێکستی ئەدەبی تێکستی مێژوویی بێت، لێرەدا پێویستە ئەو پرسیارە لەخۆیان بکەن؛ ئێستابوونی تێکستێکی ئەدەبی لەکوێدایە کە سەرلەنوێ مێژوو بنووسێتەوە؟ با نەچینە سەر ئەدەبی نوێ، هەر چاوێک بە ئەدەبی کلاسیکدا بگێڕین، چەندین نووسەر هاتوون کاریان لەتەک ڕووداوێکی مێژوویی کردووە و سەردەمی نوێی خۆیان پێ خوێندووەتەوە، ئاخۆ ئەو کەسانە بوێری ئەوەیان هەیە بڵێن بۆچی مێژوویان شێواندووە؟ بەدڵنیاییەوە جگە لە بێدەنگی هیچی تریان لێ نابیستین، بۆیە گرفتەکە لە بێ بەهرەیی مرۆڤە بێ خەیاڵەکاندایە کە خوازیاری کوشتنی خەیاڵی ناو تێکست و بونیادە زمانەوانیەکانن.

# هاوزێ؛ دەقێکی واڵا بەڕووی ترازیدیا و ئێرۆتیکدا

شەریف فەلاح – سنە



هاوزێ، یەکەم ڕۆمانی نووسەر دلاوەر ڕەحیمی- یە و کۆتایی ساڵی 2018 چاپ و بڵاوکرایەوە، یەک لە دەقە جیاوازە کوردییەکانە کە هەروەک چەند نووسەر و ڕەخنەگرێکی دیکەش لەبارەیەوە نووسیویانە، ئەم دەقە دەچێتە خانەی ئەدەبی پۆستمۆدێرنەوە. ڕەحیمی لە هاوزێدا بە بازدان بەسەر گێڕانەوە باوەکان و تێکشاندنی نۆرمی سەرەکیی گێڕانەوەدا، هەر لە سەرەتاوە بە خوێنەر دەڵێت لەگەڵ دەق و گێڕانەوەیەک بەرەوڕووی کە یاری بە زیهن دەکات.

## بوێری و نەسڵەمینەوە

سێ کارەکتەری سەرەکی لە تێکستی هاوزێدا (فاروق)، (زارا) و (سەردار) بە نۆرە و هەندێ جار بە جێگۆڕکێ ڕووداوەکان دەگێڕنەوە و هەندێ جار هەست دەکرێت لەباتی فاروق، ئەوە زارایە دەدوێت و ڕەوڕەوەی گێڕانەوە دەگرێتە دەست. دەقی هاوزێ لە کۆمەڵگەیەکی داخراو و تا بینەقاقا حیزبی و سەرکوتکراودا زۆر بوێرانە پەنجەرەیەکی جیاواز دەکاتەوە و بوێرییەکەی وا دەکات خوێنەر ڕووبەڕووی خۆی ڕادەگرێ. هاوزێ گێڕەرەوەی حیکایەت و نوستالژی و ترازیدیایەکە کە زۆربەمان شەرمی لێ دەکەین و خۆمانی لێ دەشارینەوە و سەرپۆشی لەسەر دادەنێین، بەڵام هاوزێ قوفڵەکان دەشکێنێ و سەری سندووقە گەورەکە لادەبات و لاپەڕە گنخ و بۆگەنیوەکان دەخاتەڕوو. لە تێکستی هاوزێدا منی باڵا و گێڕەرەوەی "هەمووشتزان" کە لە زۆرێک لە دەقەکانی دیکەدا زاڵە، لێرەدا پیوارە و جێگۆڕکێی جوانی دیالۆگی کارەکتەر و خۆدواندن و مۆنۆلۆگی پاڵەوانەکان و بەشداریی خوێنەر بوونەتە هۆی ئەوەی ڕووبەڕووی دنیایەک و دەقێک ببینەوە کە هەناسەیەکی جیاوازی پێیە و بوێری و نەسڵەمینەوە بەرای من خەسڵەتێکی دیاری ئەم دەقەیە.

لە هەندێ دیمەنی کۆتاییدا کە باسی ژێرزەمین و گۆڤار و ڕۆژنامەنووسی و کتێب خوێندنەوە و ئیمەیل و نامەناردن دەکات، لە دیمەنەکانی دیکەدا هەست ناکەی نووسەر هیچ هەوڵێکی دابێت، ئەندێشە و هێزی خۆی بەسەر کارەکتەرەکاندا فەرز بکات، بەڵکوو ئەوە خودی کارەکتەر و خوێنەرن دەقەکە بەرەوپێشەوە دەبەن.

## تێکشاندنی بنەما باوەکانی گێڕانەوە

لە یەکەم دیمەندا، کارەکتەر هیلاک کەوتووە و بووراوەتەوە و هەرچی هاوار دەکات، کەس گوێی لە "دەنگ"ی نییە و لەباتی ئەوەی لەگەڵ کەسی دیکە بدوێت لەگەڵ زیهنی خۆی قسان دەکات.

خوێنەر گەر خوێنەرێکی وشیار نەبێت، کارەکتەر و ڕووداوەکانی لێ تێکدەچێ، چونکە ئەم دەقە لادانە لە نووسین و گێڕانەوەی باو بە گرتنەبەری شێوازی شەپۆلی زەین و زاڵبوونی مۆنۆلۆگ بەسەر دیالۆگی ڕاستەوخۆدا. لە هاوزێدا هاوکات تێمێکی نۆستالۆژیای تێکەڵ بە ترازیدیا لەلای چەند کارەکتەری وەک "فاروق، زارا، کەژاڵ، گوڵشەن، سەرداری کەماڵ ئاغا، ئارامی باجی حەپسە و...." بە زیهن و ئایدیای ئێرۆتیک و سێکس و جووتبوون و کەڵکەڵەی حەز و هاوکات تۆڵەسەندنەوە لە چەند زەمەنی جیاواز و ئاڵۆزدا ڕەوتی گێڕانەوە دەبەنە پێش.

دەقی هاوزێ هێندە لە هەوڵی پاراستنی تەکنیک و فۆرمی هونەریی گێڕانەوەدایە، هێندە کاری لەسەر ناوەڕۆک و پەیام نەکردووە. لەم ڕۆمانەدا خوێنەر پەلکێشی ناو ڕووداو دەکرێت و ناچار بە بیرکردنەوە و بەشداری لە دەقدا دەبێت. ڕەحیمی ئەوپەڕی هەوڵی خۆی دەدات کراوەیی دەق هەتا کۆتایی بپارێزێت و دەکرێ بێژین ڕۆمانی هاوزێ بە تێمێکی ئێرۆتیکییەوە نووسراوە و لایەنی بەرجەستەی چەند دەنگی و فرەڕەهەندییە. گێڕەرەوە و پاڵەوانی سەرەکی لێرەدا پیوارە (غایب)ە و دەستاوەستکردنی ڕەوتی گێڕانەوە لە نێوان کارەکتەرەکان جیاواز لە جۆرێک جێگۆڕکێ و ئاڵۆزی، هاوکات جۆرێک هارمۆنیکی واتاییش ساز دەکەن کە ئەویش بە بەشداریی خوێنەر و بەردەنگی جیدی کامڵ دەبێت.

هاوزێ تژییە لە تەکنیکی هونەریی ئەدەبی گێڕانەوە و لێوانلێوە لە دەربڕینی ئەدەبییانە و



بەردووڕە لە زمانی باو و لەگرێژنەدەرچووی میدیای کوردی. جۆری هێڵی گێڕانەوە تێکدەشکێنێ و تەنانەت بە هێڵی ئاسۆییش قەناعەت ناهێنێ و جۆرێکە هاوشێوەی جاڵجاڵۆکەیی و خەریکی چنینی تەونی ژیانی مرۆڤی کورد و کۆمەڵگەی شپرزە و لێکترازاوە. لە تێکستی هاوزێدا ئاوقەی کەڵکەڵە و ئایدیا و بوون و هەستی مرۆڤی هاوچەرخ دەبینەوە، وەلێ ئەو کەڵکەڵە زیهنییە وێنای کۆمەڵگەیەکی تا سەر ئێسقان نەریتیی بەدەر لە "مۆدێرنیتە و شار" دەکات. هاوزێ لەبەر ئەوە دەقی واڵایە، چونکە سەرەتا و کۆتایی نادیار و تاریکە، فرەڕەهەندیبوونی لەوەدایە خوێنەر ئاوێزانە لەگەڵ دێر بە دێڕی و وێڕای پارادۆکسیکاڵبوون و لێکدژیی دیالۆگ و ئاخاوتەی هەندێکیان، وەلێ قووڵن و ختۆکەی خەون و خولیاکان دەدەن.

لە تێکستی هاوزێدا مامەڵە لەگەڵ چەند شتێک کراوە کە بە جۆرێک هەڵگری پەیامن، وەک "خوێن، ڕەنگ، دەنگ و بۆن" وەک ئەیژێ: (کچێ تۆ بۆنت پیاو هار دەکا).

هاوزێ دەقێکی بوێر و بێپەردەیە و بێ هیچ سانسۆرێک دەستی بۆ سەرەکیترین کایەی ژیان واتە کردەی سێکس و جووتبوون بردووە و بێ هیچ سڵەمینەوەیەک باسی کۆئەندامی نێرینەی ژن و پیاو دەکات. باسکردنی وشە بقەکان و بڕینی هێڵە سوورەکان لەم ڕۆمانەدا جۆرێکە لە دژەباو. ئەم جۆری گێڕانەوەیە لە ئەدەبی کوردیدا کەمێک نامۆیە کەوا پشت دەبەستێ بە شەپۆلی هۆش و پچڕپچڕی لە گێڕانەوە و مەنەلۆگ و چوونە ناو ناواخنی کارەکتەر وەک ئەوەی مارسێل پرووست لە ڕۆمانی "گەڕان بەدوای زەمەنی لەدەستچوو"دا هێناویتیە گۆڕێ.

## دەقی دوڕدونگ و پرسیار خولقێن

شێواز و ئاراستەی گێڕانەوەی هاوزێ کۆمەڵێک پرسیار ڕووبەڕووی خوێنەر دەکاتەوە، خوێنەر کونجکۆڵ و بزۆز دەکات، جیا لەوەی تێمی ئێرۆتیک و ڕۆمانسییانە لە زۆر لاپەڕە و لە دووتوێی دیالۆگ و مەنەلۆگەکاندا خوێنەر دەباتە کەشکەشانی چێژ و ئاوێزانبوون، لەناکاو خیانەت، هەڵچوون، خوێن و مەرگ و دەستبردن بۆ هەڵدانەوەی توێژاڵی زامە پترۆخ بەستووەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەتبەنەوە بۆ نوستالژی، ڕابردووی سیخناخ لە ڕەنگ و بۆن و دەنگ و خوێنی ژیانێک کە نەژیاوین.

خوێنەری جدی لە کاتی خوێندنەوەی هاوزێ و قووڵبوونەوە لە هزر و ڕامانی کارەکتەرەکاندا چەندان پرسیار و گومان و ئەگەری بۆ دێتە پێش. بۆچی بۆن؟ ڕەنگ چییە؟ دەنگ دەلالەت لە چی دەکات؟ سەردار و زارا و فاروق نوێنەری کامە تیپیکاڵی کۆمەڵگەی کوردین؟ ئایا مرۆڤی کورد هێندە دەمامکدار و چەندڕوو و سیمایە و چەندان پرسیار و گومان و دڕدونگیی دیکە. لە هاوزێدا هیچ بڕیارێک نادرێت و هیچ گرفتێک چارەسەر نابێت.

## هاوزێ و دەمامک

دلاوەر ڕەحیمی، لە سێ بەش و لەڕێگەی کەڵکەڵەی زیهنیی "زارا، فاروق (ئارگەش، کاوە کەسنەزانی)، گوڵشەن، سەرداری کەماڵ ئاغا، ئارامی باجی حەپسە و..."، ڕەمزی و هێمائاسایانە وێنای کۆمەڵگەیەک دەکات کە پڕە لە کەبتی سێکسی، دەمامکی سەرلەبەری مرۆڤە ئاسایی، ڕۆشنبیر و سیاسی و شۆڕشگێڕەکان هەڵدەداتەوە کە لە یەک کاتدا چەندین ڕوخسار و ئەخلاقیان هەیە و هیچکامیان وەک خۆیان نەژیاون. لە شوێنێکی تێکستەکەدا هاتووە: "خەڵک وادەزانن یەک ژیان دەژین؟ یەک ڕوویان هەیە، بەڵام چەندین ژیان دەژین و چەندین ڕوو و سیمایان هەیە، من هیچ مرۆڤێکم نەناسیوە یەک وێنەی هەبێت". هاشم سەڕاجی شاعیر و نووسەر لە نووسینێکدا لەبارەی هاوزێ دەڵێت: "بەشێکی تری مەلعوونیەتی دەق بۆ زارای داوێنتەڕ دەگەڕێتەوە، چونکە زارا خۆشیی سێکس هەم لە ئۆرگازمدا دەدۆزێتەوە، هەم لە داماڵینی ماسکی پیاوەکان، کاتێ زمان دەکەوێتە وڕێنە و قسە دەبڕسکێنێ، چونکە ناخودئاگا کە لاکان جەختی لەسەر دەکاتەوە، بە شێوەی زمان بونیادنراوە، جا لە چرکە سێکسییەکاندا حەقیقەتی مرۆڤ دەردەکەوێت. دەقی هاوزێ هەڵگری بونیادێکی سێکسی و لیبیدۆییە و بەردەوام بە هێزێکی هیدونیزمی گوزارشت لە ڕووداوەکان دەکرێت".

هاوزێ نەشتەرێکی شیتەڵکار و بێبەزەییە و ڕوحم بە هیچ توێژێک ناکات و وەک خەنجەرەکەی دیمۆکلیس هەمووان دادەپاچێ و ئەوە دەست و قاچ و سەر و گوێ و چاوی ئەوانن حەزیان لە بۆنە و شارەزای هەموو بۆنێکن و لە هەر شوێن و ژوورێک خۆیان ڕەنگ دەکەن و بە گۆڕینی دەنگی خۆیان، ڕووی ڕاستەقینەیان دەشارنەوە و دەبنە چەواشەی ژیان.

## پیواربوونی شوێن – کات

وەک دەڵێن یەکێک لە پێکهاتە و ستراکتۆرەکانی ڕۆمان شوێن- کاتە، وەلێ دەقی واڵا و پۆستمۆدێرن پابەندی ئەم نۆرمە نابێت، هەرچەند کات و شوێن لە ڕەوتی ڕۆمان و گەشەکردنی کارەکتەردا دەور دەگێڕن، بەڵام لە هاوزێدا ئەوەندەی کارەکتەر گیرۆدەی خەیاڵ و زیهن و کەڵکەڵەیە، هێندە بە کات و شوێن و جوگرافیاوە نەبەستراوەتەوە و لێرەشدا هەر دژەباوە. بەڵام لە دووتوێی گێڕانەوەکاندا خوێنەری وشیار بە جوانی هەست بە کات و شوێن دەکات، ئەمەیان لووتکەی بەشداریی خوێنەرە لە دەقدا.

# تەقینەوەی خەونەکان؛

## ناوەڕۆکێکی گرنگ و تەکنیکێکی لاواز



بەختیار عەزیز

ئێدریس عەلی لە پێشەکیی ڕۆمانی (تەقینەوەی خەونەکان)دا کە 263 لاپەڕەیە، دەڵێت: بەهای نەزیر پزیشکێکی دەروونییە و کۆمونیستە، لە خەڵک دابڕاوە و خوێنەرێکی چالاکە، هەردەم دەیەوێت بە شێوازێکی نوێ بیمارەکانی چارەسەر بکات، کەچی خەڵک بە شێتی دەزانن.

نەخۆشێک،کە تووشی گرفتیەلێکی ئاڵۆزیی دەروونی بووە، لەگەڵ پزیشکەکەدا ڕێکدەکەوێت، سەرجەم بیرەوەرییە تاڵەکانی خۆی بنووسێتەوە و ڕادەستی ئەوی بکات، نەخۆشەکە ناوی نییە و تەنها بە (بیمارەکە) ئاماژەی بۆ دەکرێت و کەسایەتی یەکەمی ڕۆمانەکەیە.

لەلاپەڕەی 53دا، کەسایەتیی خودی ڕۆماننووس (ئێدریس عەلی) دەردەکەوێت کە سەردانی کلینیکەکەی دکتۆر دەکات ،گوایە لەمەڕ نەخۆشیە دەروونییەکان دەنووسێت و پێویستی بە زانیارییە، هەر کە دکتۆر لە نهۆمی سەرەوەی شوێنەکەی خۆیدا،سەرقاڵی تێلکردنە، نووسەر سەرگوزەشتە دەستنووسەکەی بیمارەکە دەدزێت و شوێنەکە بەجێدەهێڵێت.

ئێدریس عەلی، کە دەستکاریی نووسینەکە دەکات و ئەدەبییانە دەینووسێتەوە، پەیوەندی بە بەهای نەزیرەوە دەکات و لە کاتێکی دیاریکراودا هەرسێکیان یەکدی دەبینن، نووسەر داوای لێبوردنیان لێ دەکات و نووسینەکەیان ڕادەست دەکاتەوە.

## ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە:

لە سەروەختی منداڵی و لە خوێندنگەدا، بیمارەکە لە ناوگەڵی دەدرێت، پاش ئازاری مانگێک، لەڕووی توانای سێکسیەوە گرفتی بۆ پێشدێت. دواتر لە خوێندن دادەبڕێت و لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا، چوون نەریتی سەروەختی دەسەڵاتی سەدام، بۆ خزمەتکردنی سەربازی هەواڵەی باشووری عێراق دەکرێت.

لەڕووی پەیوەندیی دڵدارییەوە، دەرفەتی سەرکەوتنی نابێت، ئەو کچە تابلۆکێشەی کە خۆشەویستی لە نێوانیاندا هەبووە، بارودۆخ ڕێگەی بۆ واڵا نەکردوون و پەیوەندییان بە هاوسەرگیری نەگیرساوەتەوە.

لە ماوەی سەربازیی بیمارەکەدا کە ترازیدیای گێڕانەوەکەیە، عێراق کوێت داگیر دەکات و تووشی شەڕێکی ناهاوسەنگ دەبێت، نزیکەی 30 وڵات لەژێر بەیداخی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی هێرشی بۆ دەهێنن و سوپاکەی وێران دەبێت. هەڵسوکەوتی کاربەدەستان لەلایەک و ترس و تەنیاییەکی بێ مەودا لەلایەکی ترەوە، سەربازەکە هیلاک دەکەن و دەیهەژێنن. بەهۆی سەرپێچییەوە، زیندانی دەکرێت و ڕێکەوت پاسەوانێکی زیندانەکە شەقێک لە بەرموسەڵانی دەدات، لە ئاکامدا توانای سێکسکردن لەدەست دەدات، لێرەوەڕا، باری دەروونیی وی یەکجار ئاڵۆز دەبێت.

لە کاتی سەربازیدا،کامەران کە سەربازێکی گەرمیانیە و پاشماوەی ئەنفالە، لەگەڵ بیمارەکەدا دەبنە هاوڕێ و دەردەدڵ دەگۆڕنەوە.

کامەران گرفتی کەمەرشلیی هەیە و میز ڕاناگرێت، خێزانەکەی لە ئەنفالدا فەوتاون،سەرەتا لە ماڵی مامیدا ژیاوە و دواتر دەریانکردووە، شەوان لە بەردەم دوکانی کتێبفرۆشێکدا خەوتووە و لە ڕۆژدا کاری بۆیاخچێتی کردووە، پاش ماوەیەک لە ڕێگەی ئەو کتێبفرۆشەوە، شەیدای خوێندنەوە دەبێت.

لە سەربازیدا، کامەران دوورەپەرێز و خەمبارە، ئەنفال و لەدەستدانی خێزانەکەی، ناخی ئەویان ئاڵۆز کردووە.

لەو بیابانە و لە جەنجاڵیی شەڕدا، کامەران ڕێگە هەڵە دەکات و دەگاتە کەتیبەیەکی تری سوپا، لەگەڵ چەند سەربازێکی تر،کاتێک بەرەو کەتیبەکەی خۆی دەگەڕێتەوە، فڕۆکەیەکی هاوپەیمانان دەیانکوژێت و تەرمەکانیان ڕێزە ڕێزە دەکات.

دوای کوژرانی کامەران ، دۆخی بیمارەکە قورستر دەبێت، خۆی و سێ سەربازی تری هاوڕێی بە ڕێبەریی سەربازێکی ئێزیدی (عیدۆ)، بڕیاری هەڵاتن دەدەن و بەدزییەوە هەڵدێن. لە ئەنجامی ئەو دیمەنانەی لە بیاباندا دەیانبینێ، وەکو لاشەی بێ سەر و قاچ و سووتاو (پاشماوەی سەربازە عێراقییە کوژراوەکانی شەڕی هاوپەیمانان و عێراق) توانای وتوویژی بیمارەکە ئەستەم دەبێت.

پاش کۆتایی شەڕی کوێت و ڕاپەڕینی کوردستان کە لەو شوێنە دەرباز دەبێت و دەگاتە سنووری دەسەڵاتی پێشمەرگە، ناتوانێت چیرۆکی خۆی بگێڕێتەوە، لە ئاکامدا دەستبەسەر دەبێت. دوای ماوەیەک لە ڕێگەی لیژنەیەکی مافی مرۆڤەوە، بارودۆخی خۆی بە نیوە و ناتەواوی باس دەکات، وێنەی لە ڕۆژنامەدا بڵاو دەکرێتەوە و کەسوکاری دەیناسن و ڕزگاری دەکەن.

## ناوی ڕۆمانەکە

ناوی ڕۆمانەکە هەمان ناوی ئەو پێشانگایەیە کە دەزگیرانی بیمارەکە دەیەوێت تابلۆکانی خۆی تێدا نمایش بکات (لا 255). ناوەڕۆک و ناوی ڕۆمانەکە، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان پێکەوە نییە، لێ پەیوەندی ناڕاستەوخۆ لە نێوان ڕۆمان و ناوەکەیدا، هەنووکە بە شێوازێکی نوێ هەژمار دەکرێت.

## زمان و بیرۆکەی ڕۆمانەکە

بیرۆکەی ڕۆمانەکە، ستەمکاریی سەردەمی شەڕ و ئەنفال دەگێڕێتەوە، لێ ئەم بیرۆکە هاوپێچی زمانێکی کوردیی پوخت و ڕەوان نەبووە، لە گێڕانەوەدا. ئەگەریش مەسەلەیەکی ناوازە و فرەڕەهەند باس بکەین، پێویستە زمانێکی پاراو گوزارشتی لێ بکات، سەرەڕای ئەوەش ڕۆمانەکە هەڵەیەلێکی زمانەوانی و ڕستەسازی و داڕشتنی زۆری تێدایە، دیارە لە نووسینیدا پەلەیەکی یەکجار زۆر کراوە.

## کات و شوێن

وەکو لە ڕۆمانەکە تێدەگەین، ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و بیابانی عەرەبستانی عێراق (باشووری عێراق) گۆڕەپانی ڕووداوەکانن، کاتەکەش سەرەتای شەڕی کوێت و هێرشی هاوپەیمانانە بۆ سەر عێراق و دواتر ڕاپەڕینی خەڵکی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1991. لێ ڕۆمانەکە نەیتوانیوە تەکنیکی دابەشکردنی کات و شوێن بەهەند وەربگرێت، لە ئەنجامدا، خوێنەر ڕووبەڕووی کات و شوێنێکی فەزایی دەبێتەوە، نەک کات و شوێنێک هاوڕای ڕووداو و کەسایەتییەکان بدوێن و ببیسترێن.

## کەسایەتییەکان

لە ڕووی ژمارە و کاریگەریی کەسایەتییەکانەوە، ڕۆمانەکە دەوڵەمەند نییە، تەنانەت کەسایەتییەلێکی مردووی تێدایە، مردوو بە واتا ناسراوەکەی نا، بەڵکوو ئەو کەسایەتییانەی خۆیان ناجووڵێن و ڕووداوەکان خێرا ناکەن ، لەبری کەسایەتییەکان زیاتر هەست بە ئارامیی نووسەر خۆی دەکەین، بە تایبەت برای بیمارەکە و خۆشەویستی بیمارەکە و ئەفسەرەکە و عەریفەکە و شیلای خوشکی کامەران و باوکی بیمارەکە.

دوو کەسایەتیە سەرەکییەکە: بیمارەکە و کامەران، لەیەکدی دەچن، هەمان سیفەت و تا ڕادەیەکی ئەوتۆش، هەمان گرفتیان هەیە. بۆ نموونە بیمارەکە دوو جار لە ناوگەڵی دراوە و لە سێکسکردن بێوەری بووە و ئازاری دەروونیی بۆ دروست بووە، کەچی دەبینین کامەران، تووشی نەخۆشیی کەمەرشلی (میز ڕانەگرتن) بووە و بە ئازارێکی دەروونییەوە گیرۆدە بووە. لەڕووی تێفکرین و دوانەوە، وەکو بڵێی کۆپی یەکترن. لێکچوونی ئەوتۆ پرسیارێکی تر دەخاتەڕوو: ئاخۆ کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکە، لە وێنای خودی نووسەر ڕزگاریان بووە؟

## تەکنیک و گێڕانەوە:

لە سەرەتاوە هەتا لاپەڕەی 62، گێڕانەوە لە نێوان بەهای نەزیر (پزیشکەکە) و بیمارەکە و برای بیمارەکە (زۆر بە کەمی)، دەگوازرێتەوە. ئەم جۆرە گێڕانەوەیە لەم سەردەمەدا بەکاردێت و هێشتا نووسەران بەکاریدەهێنن، لێ بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ، ئەگەر هاوڕای بەرجەستەکردنێکی باڵا نەبوو، بە نەرێنی هەژمار دەکرێ. کەسایەتییەکان کە گێڕانەوەیان پێسپێردراوە ،بە دەزووی نووسەر نا، بەڵکوو بە گوریسی ئەوەوە شەتەک دراون، کەسێتی و خوو و خەیاڵ و هزری تایبەتیان جودا نەکراوەتەوە.

ڕاپۆرت زانیاری دەخاتەڕوو، لێ گێڕانەوە ئەزموون دەگێڕێتەوە. لێرەدا شێوازی ڕاپۆرت یەکجار بەکارهاتووە، تەنانەت ئەگەر چەندین پەرەگرافی جیاجیای ڕۆمانەکە هەڵبگرین، هیچ لە مەبەست و ناوەڕۆکی نووسینەکە و گێڕانەوەکەش ناگۆڕێت، بۆ نموونە (لاپەڕە: 79 -80،لاپەڕە 103-101، لاپەڕە: 107، لاپەڕە: 188، لاپەڕە: 193-190). جاری ئەوتۆش گێڕانەوە ڕاپۆرتییەکان جڵەو لەدەستدەدەن و وەکو وڕێنەیان لێ دێت، وەکو لاپەڕە: 203. لەوە زیاتر لاپەڕە: 137-133 کە یەکەیەکی تەواوی ڕۆمانەکەیە و تەنها لە وتارێک دەچێت، ئەگەر نەنووسرابا، زۆر باشتر بوو.

## پەرەگرافی جوان:

لە شوێنیەلێکی ڕۆمانەکەدا،چەند پەرگراف هەن،سەرەڕای هەڵەی زمانەوانیان، خوێنەر ناتوانێت دوو سێ جار نەیانخوێنێتەوە و تامیان نەچێژێت، بۆ نموونە لاپەڕە: 223 یان 232 کە دەڵێت: (بەدیار گڕی مۆمێکەوە، دەخزێینە ژێر پەتووەکەوە... ئیدی بەمشێوەیە و هەر بە خەیاڵ، لە دەشتی جەستەوە ڕۆدەچووینە نێو باخی گیانی یەکتر و میوەی لەزەتمان لە جەستەی یەکتر لێدەکردەوە).

***تەقینەوەی خەونەکان، ئێدریس عەلی،چاپی یەکەم: 2018، چاپخانەی هەژار موکریانی.**

# سنوور

ئارام فەتحی- مەریوان



ماوەی حەفتەیەک بوو لە ماڵی قاچاخچییەکەم لە ئیستانبول کە کەسێکی دڵسۆز و ئاشناش بوو، مابوومەوە و هەموو ڕۆژ زۆرم بۆ دەهێنا کە بەشکوو زووتر بەڕێمان بکات، با لەوە زیاتر دوانەکەوین نەوەک سنوورەکان دابخەن. تا ئاخری سنووری یۆنان بۆ مەکدۆنیا بەڕووی ئەو کەسانەی وەک ئێرانی دەناسران، داخرا. قاچاخچییەکەم هەموو ڕۆژ دەیگوت: بەقوربان پەلە مەکەن با هەوا خۆش بێت دەتاننێرم؛ خۆ من نامەوێ بە خنکانتان بدەم. ئاخری بەڕێی کردین. نزیکەی شەش کاتژمێری خایاند تا بە پاس گەیشتینە شوێنی بەلەمەکان. بنەماڵەیەکی مەهابادی لە پاسەکەی ئێمەدا بوون کەیفیان بەوە بوو کە لە کوێ بە ئێمە بڵێن بێدەنگ بین یان لە کوێ پەردەی جامەکان بکێشین بۆ ئەوەی پۆلیس نەمانبینن و نەمانگرن. ئاخر ئەوان چوار جار ئەو ڕێیە ڕۆیشتبوون و گیرابوون. شوێنمان تەنگ بوو. حەوت کەسمان شوێنیان نەبوو بۆ دانیشتن و بەزۆر خۆیان ڕاگرتبوو. هەرکەسە خەڵکی شارێک بوو: مەهاباد، سنە، سەقز، بۆکان، مەریوان و... زۆرینەی ئەو جەمعە خێزان بوون، تەنها من و چەند کەسێکی تر نەبێت. چەند جارێک لە ڕێ پۆلیسی تورک پێشی پێ گرتین. کاتێ شۆفێرەکە ماشینەکەی دەوەستاند، هەموومان ترس دەچووە دڵمانەوە کە ئەوە گیراین و دەمانگەڕێننەوە بۆ دواوە. بەڵام پۆلیسەکان هەموویان پارەخۆر بوون و دوای پارەیان دەکرد؛ بۆیە شۆفێرەکە بە پارە کارەکەی جێبەجێ دەکرد. کاتێ لە پاسەکان دایانبەزاندین، گوتیان دەبێ لە یەک خولەکدا هەمووتان پاسەکەتان چۆڵ کردبێ و دابەزین. دەمەوبەیان بوو بەرەو ڕۆشنایی دەڕۆی. نزیکەی شەست کەس دەبووین. لێرە ئیتر لەگەڵ باندێکی مافیادا بەرەوڕوو بووین. چەند کەسێک قاچاخچی نەناسراو و تووڕە. تەنها باشییەکەی ئەوە بوو کە لە شانسی ئێمەدا باندەکە گۆڕابوو، چەند کەسێکی باشتر لەوانە هاتبوون کە پێشتر ناومان بیستبوو. بیستبوومان کە بە زۆری دەمانچە قسە دەکەن و دەتوانن بەئاسانی بتکوژن و وەک بەفری پاریش تەواو بیت. بەڵام ئەمانەی ئێمە دیمانن زۆرینەیان خۆیان کورد بوون؛ بۆیە تۆزێ دڵم ئاسوودە بوو کاتێ ئەوەم زانی. گوتیان ژن و منداڵەکان بڕۆن بۆ قەراخ ئاوەکە و پیاوەکان هەر لێرە بوەستن کارمان پێتانە. بڕێ لە پیاوەکان خۆیان دەدزییەوە. یەک دەیگوت: ئەژنۆم عەمەڵ کردووە؛ یەک دەیگوت: دیسککەمەرم هەیە؛ یەکێ تر دەیگوت کە دایکی تەنیایە. ئەو خێزانە مەهابادییەی کە لەناو پاسەکە قسەی زۆریان دەکرد، پیاوەکەی ئەو بنەماڵەیەش بە هەرجۆر بوو خۆی دزییەوە و ڕۆشت. ڕاستییەکەی منیش هاتم خۆم بدزمەوە، بەڵام نەمتوانی و لە ئاخرەوە هەر پێوەبووم! ئاخر کارەکە زۆر دژوار بوو؛ دەبوو ئەو بەلەمانە لەگەڵ مۆتۆر و شتەکەی بە کۆڵ و بە سەرشان هەڵمان بگرتنایە تا قەراخ ئاوەکە و لەوێش هەوامان تێکردنایە و دیسان هەڵمانگرتنایە و بمانخستنایەتە ناو ئاوەکە و ڕامانگرتنایە تا خەڵک سواری بن!

نزیکەی بیست خولەک ئەو بەلەمانە بەسەرشانمانەوە بوو تا گەیشتینە نزیک ئاوەکە. بۆ بەدبەختی من لەگەڵ سێ کەس کەوتبووم کە دوویان نەیاندەتوانی بەشی خۆیان هەڵگرن و پەیتا پەیتا دەبوو دامانناپەتە سەر عەرزەکە و وچانمان بدایە. دوو کەس لەوانە کە هەردووکیان سنەیی بوون، دوو کوڕی نزیک بیست و سێ، بیست و چوار ساڵان بوون، هەردووکیان خومار بوون. یەکێکیان کە زۆریش قسەی دەکرد و لێی ماندوو بووبووم؛ پێشتر لە قەندیل گەریلا بووە. گوتم: بۆ لەوێ نەمایەوە؟ گوتی: جا من لێنا بمێنم چە بکەم؟ ئۆجەلان ژنی ناوێ، خۆ من گەرەکمە ئابرا!

هەوڵم دا کەمتر لەگەڵی قسە بکەم لەبەر ئەوەی دیار بوو لە زۆربلێکان بوو. ئەو کوڕە لە ڕێگای هەڵگرتنی بەلەمەکە زڵلەیەکی لە هاوڕێ سنەییەکەی دا، لەبەرئەوەی نەیدەتوانی باش هەڵیگرێ و هەر دەیبۆڵاند و دەیگوت: من نەهاتووم ئەم کارانمە پێ بکەن و من نایکەم. یەکێ لە قاچاخچییەکان کە کوردی باشوور بوو، گوتی: کوڕە هەڵیگرە دوو مانگی تر لەو ئورووپا حەیاتە بۆ خۆت دەچی بە لای گان و کچۆڵەی خۆتەوە. قسەکانی لام سەیر نەبوو، چوون یەکەمجار نەبوو لەو قسانەم دەبیست. کوڕە گوتی جا من لێی نانەوم بڕۆن چی دەکەن بیکەن. گیرمان کردبوو. ئێمە کە زۆر ماندوو بووبووین تەواوی گیانمان خووسابوو لە ئارەقەدا، بۆیە ئیتر لێ بڕابووین. قاچاخچییەکە زەنگی دا چەند کەسێکی تریش هاتن بۆ یارمەتی و هەڵیانگرت. کاتێ گەیشتین بە خەڵکەکە ئەوان هەموو خۆیان تەیار کردبوو، جلیقە و شتیشیان لەبەر خۆیان کردبوو. هەوامان کردە بەلەمەکان و بەهەر گێچەڵێک بوو خستمانە سەر ئاوەکە. تاکوو سەر سنگمان لە ئاوەکەدا بوو، بەلەمەکەمان ڕاگرتبوو تا سەرەتا ژن و منداڵەکان بچنە ناوی. بوو بە قێڕە و حەشر و هاوار! یەکێ دەیقیڕاند، یەکێ دەیجیقاند! نیوەیان کە هەر حەپەسابوون و زاتیان نەبوو بدەن لە ئاوەکە و سوار بەلەمەکە بن. من بە زۆر توانیم بچمە ناو بەلەمەکە. یەکێک لە هاوڕێکانم هێشتا سوار نەبووبوو گیری کردبوو. بە هاوڕێیەکی ترم گوت بڕۆ پەلی بگرە و بیکێشە سەرەوە؛ کاتێ ڕۆی قاچاخچییە تورکەکە یەک زللەی توندی لێدا و گەڕاندیەوە دواوە. بیست و هەشت کەس سوار بووین؛ بە ژن و منداڵ و پیاوەوە. ئەمجار بەدوای ئەو کەسەدا دەگەڕاین کە بڕیار بوو بەلەمەکە لێخوڕێ. کەسێکی فارسی شیرازی بوو؛ لەگەڵ ژنەکەی هاتبوو. چەند هاوڕێیەکی لە کاتی سواربوونی بەلەمەکەدا بەجێمابوون. دواتر ژنەکەی ئەوەی بۆ گێڕاینەوە کە بە زەبری دەمانچە ناچاریان کردوون زوو سوار بن. یەکێ لە هاوڕێکانیشیان کاتێ هاتبوو سوار بەلەمەکە بێت، قاچی لە ناو ئاوەکەدا خزابوو و بە خۆی و منداڵەکەیەوە کە بە سەرشانیەوە بوو دابوویان بەناو ئاوەکەدا و فریا نەکەوتبوون سوار بن. بەهەرحاڵ مۆتۆری بەلەمەکە کەوتەکار و بەڕێکەوتین. چەند کچێکی تەمەن بیست و پێنج ساڵ لە ترسدا دەستیان کرد بە قیژە و گریان. منداڵەکانیش ئاڵۆزان؛ دیارە زۆربەمان خۆف گرتبووینی. لەبەرئەوەی ئاوەکە شەپۆلی هەبوو بەلەمەکە دەشەکایەوە. یەک دوو خێزان لەوانەی کە لەگەڵمان سوار ببوون، دیارە ئەوە چەندەمین جاریان بوو، چەند جاری پێشوو پۆلیسی ئاوی تورکیا گرتبوونی؛ بە کەشتی گەڕاندبوونیەوە دواوە. یەک لەوانە خێزانە مەهابادییەکە بوون، ژن و پیاوێک و دوو منداڵی تەمەن حەوت هەشت ساڵان. پیاوەکە بە تەمەن چل و سێ ساڵ دەبوو؛ ژنەکەش سی و هەشت. ئەو خێزانە لە پەسا خۆف و دڵەڕاوکێیان زیاتر دەکرد و دەیانگوت یان پۆلیس دەمانگرێ یان دەخنکێین. من کە بەڕاستی خەمی هیچیانم نەبوو وەک بڵێی مان و نەمان لام جیاوازی نەبێ و مردن و نەمردنم بۆ گرنگ نەبێ. بۆم گرنگ نەبوو کە بمرم، لەبەر ئەوەی مردن گرنگایەتیی خۆی لەدەستدابوو لەلام. مەرگ هەمیشە دەیەوێ گرنگیی خۆی بە مرۆڤەکان نیشان بدات و پێیان بڵێتەوە کە ئەو چەندە گرنگە؛ بۆیە ژیانیش بایەخدار دەکات. بەڵام من خاڵی بووبوومەوە لە بایەخی مردن و لە گرنگییەکەی. گرنگ ئەوە بوو من لەسەر ئەو ئاوە بووم و تەنها وەک ئەزموونی خۆم تەماشام دەکرد. هەوڵم دەدا بزانم ئەم خۆفە کامەیە کە باسیان دەکرد. هەوڵم دەدا لە نزیکەوە ڕەنگی مردن بە ڕوخساری ئەو خەڵکەوە ببینم! بزانم چ هەستێکی هەیە. ترسی مردنەکان جیاوازن؛ بۆ وێنە ترسی مردنێ کە لە مەیدانی مین هەتە، جیاوازە لەگەڵ ترسی مردنێ کە لەسەر بەرزییەکەوە بکەویتە خوارەوە. من ئەوانەم تاقیکردبووەوە گەرچی جەبری لە پشتەوە بووبێ. بەڵام بەگشتی عاشقی تاقیکردنەوەی ترسی مردنم. گەرچی لە دوایین ساتەکاندا کە هەست دەکەی مردن لێت نزیکە، ئەوەندە نزیک لە ئاستی پەرداخە ئاوێکی تر کە بە گەرووت زیاد بێت و داتپۆشێت؛ لەو ساتەدا بێ ئەوەی خۆت بزانی هەوڵی خۆڕزگارکردن دەدەی. کاتێ کەسێک بکەوێتە ناو زەریا، هەر دەستوپێیەک لێدەدا. ئەگەر مەلەش نەزانێ، بێ ئەوەی بتوانێ پێش بە خۆی بگرێ دەکەوێتە مەلەکردن. بەلەمەکەمان خەریک بوو بڕ دەبوو لە ئاو و لەوانە بوو بتەقایە یان مۆتۆڕی بەلەمەکە لەکارکەوتایە؛ بۆیە هەمووان ترسابوون و بە کوڕەی فارسیان دەگوت: "مجتبی برگرد.. مجتبی داریم غرق میشیم قایق رو برگردون"... ئەویش دەیگوت: "دیگە نمیتونیم برگردیم، بنزین موتورمون داره تموم میشە". دەبوو دوو کار بکەین: پۆتینەکانمان داکەنین و بە پۆتینەکان ئاوی ناو بەلەمەکە بکەینەوە ناو زەریاکە و هاوکات زەنگیش بدەین بۆ بەشی فریاکەوتنی یۆنان کە بە کەشتی بێن بەهانامانەوە. هەردوو پۆتینەکەم داکەندبوو؛ تایەکی بە خۆم بوو، تایەکی بە هاوڕێیەکی ترم. کابرای مەهابادیش هەر دەیبۆڵاند و ئەمری پێ دەکردین و دەستووری دەدا و دڵنگەرانیی هەمووانی زۆرتر دەکرد. تەلەفۆنی دەرهێنا کە زەنگ بۆ بەشی فریاکەوتنی یۆنان بدات؛ خۆیشی ئینگلیزی نەدەزانی بۆیە تەلەفۆنەکەی دا بە کەسێکی تر و گوتی تۆ قسە بکە. کاتێ قسەی کرد، کەسی ئەولا بە تورکی وەڵامی دایەوە.

کابرای مەهابادی لە ترسا سەری لێ شێوابوو بەهەڵە زەنگی بۆ پۆلیسی تورکی لێدابوو، بۆیە بە تورکی وەڵامی تەلەفۆنەکە درایەوە. بەلەمەکە تا دەهات زۆرتر ئاوی تێ دەڕژا. لە هەندێ شوێندا شەپۆل دەهات و لەوەدا بوو وەرگەڕێین و لە زەریا بکەوین. زۆرینە لەو کاتانەدا دەیانقیڕاند؛ چەند کەسێکیش کەوتبوونە ڕشانەوە و حاڵیان باش نەبوو. من قاچم هیچ هەستێکی نەمابوو و هەستی بە هیچ نەدەکرد. ژنی کابرای مەهابادی بەسەر لاقمەوە دانیشتبوو، تا ئەژنۆشم لە ئاودا بوو، دەستێکیشم بە هاوڕێکەی پاڵ دەستمەوە بوو کە نەکەوێتە ناو ئاوەکە، لەبەر ئەوەی تاوناتاوێک دەڕشایەوە؛ بەحاڵ پەنجەم لە تەنافێک گیر کردبوو کە نەکەومە ناو ئاوەکە، ئەویش لە ژێر تەنافەکەدا قرنجابوو. کابرای مەهابادی هەوڵی دەدا زوو بە زوو بە تەلەفۆن بەشی فریاکەوتنی یۆنان بگرێت. بەڵام ئومێدێکی پووچ و بەتاڵ بوو. کەشتییەکیان لە دوورەوە دیبوو هەر دەیانگوت ئەوەتان و ئەوە دێن فریای ئێمە بکەون. بەڵام وا نەبوو. من دەمزانی کە ئەوە ئومێدێکە دەیانەوێ بیانبێت بۆ ئەوەی بڕوا نەکەن کە هەر دەبێ بمرن. بۆ ئەوەی بپارێنەوە لە ژیان، تاکوو ئاوێکی تریش بمێنن و لەمدیو دەروازەی ژیانەوە بن. مرۆڤ هیچکات حەز ناکات بەو قەناعەتە بگات کە دەبێ بمرێت .لێزەریان دەدا لە کەشتییەکە بۆ ئەوەی بەشکوو بمانبینێ و فریامان بکەوێ. بەڵام من پێکەنین گرتبوومی. ئاخر لێزەر بە ڕۆژدا کەی ڕووناکییەکەی تا دوو میتریش بڕ دەکات؟!کۆڵەپشتییەکانمان فڕێدابووە ناو ئاوەکە، لەبەر ئەوەی بەلەمەکە لەوە زیاتر قورس نەبێ و ئیتر ناچار بووین. بەڵام کوڕێکی فارسمان لەگەڵ بوو کە بە هیچ جۆر حازر نەبوو کۆڵەکەی بهاوێتە ناو ئەو ئاوە. ژنێکی کوردیش هەر بەو جۆرە! دەمگوت بۆ تووڕی نادەی؟ ژنە دەیگوت: چونکە قورئانی تیایە. گوتم کورە ئەو خەڵکە مەدە بە کوشت، تووڕی بدە. ئاخری هەر قورئانەکەی تووڕ نەدا. بەڕاستی حەزم نەدەکرد نە خۆم، نە هیچکام لەو خەڵکە بمرین، بەتایبەت منداڵەکان. بەڵام حەزم نەدەکرد بە درۆیش خۆم دڵخۆش بکەم. لە شوێنێ کە لە مەرگ نزیک بووین، ئیتر هەوڵم دەدا شتەکە وەک خۆی ببینم. لەو کاتەدا بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەم ئاوە وەک دەروازەی بەختەوەری لێ هاتووە بۆ ئەم خەڵکە داماوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەمووان وا دەزانن لەو ئاوە بپەڕنەوە ئیتر تەواوە و گەیشتوون بە بەختەوەری. دەڵێی ئەمدیوی ئاو، بەدبەختی و چەرمەسەرییە و ئەودیوی بەختەوەری. ئەو ئاوەش شانسە، تێپەڕ بی یان بمریت، وەک قوماری کە لەسەر ژیانت بیکەی. من بێزارم لەو جۆرە مامەڵەکردنە، بەڵام ئەوە واقیعەتی زۆرینەی ئەو خەڵکەیە. ئاوەکە تامێکی زۆر سوێری هەبوو. سوێرییەکەی لە ڕادەبەدەر بوو.

وردە وردە ئاوی ناو بەلەمەکە خاڵی کرایەوە و دوای سەد خولەک گەیشتینە کەنارەکانی یۆنان. لەوێ زۆرێک فۆتۆگرافەر و بەشی فریاکەوتنیش وەستابوون. دەڵێم سەد خولەک بەسەر ئەو ئاوەوە بووین، بەڵام ئەوە تەنها سەد خولەک نەبوو! بیست و ئەوەندە ساڵ تەمەنی من، چل ساڵ تەمەنی کابرایەکی دیکە، حەوت ساڵ تەمەنی منداڵێک و بیست و پێنج کەسی تەمەنی جۆراوجۆری دیکە حساب بکە کە لەو سەد خولەکەدا لەوانە بوو تەمەنیان باتڵ بێتەوە و سفر ببنەوە و تەنها ببنە سەردێڕ و مانشێتی چەند ڕۆژنامە و تەلەفزیۆنێک. وەک ئەوەی کە سێ خولەک دوای ئێمە و لە بەلەمی دواتردا سێ منداڵی کەمتەمەن خنکان و وەک ئەو هەموو کەسەی تر کە خنکابوون و دەخنکێن.

بۆم گرنگ بوو بزانم ئایلانی سێ ساڵە لە کوێوە چوو و جەستەی کەوتبووە کوێ؟! گەرچی من مردن لەناو ئاودا بۆم ئاساییە، هەر وەک چۆن مردن بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل یان لەکارکەوتنی کتوپڕی دڵی کەسێک؛ بەڵام کاتێ ئاوێک زیاتر لە ئاوبوونی خۆی مانا پەیدا دەکات، کاتێ دەبێت بە دەروازەی بەختەوەری بۆ لایەک لە مرۆڤەکانی ئەم سەر گۆی زەوییە، کاتێ دەبێتە سنوور، ئەو کاتە ئیتر ئەو مردنەش لام ئاسایی نییە و نابێت.

